زنجیرەی مێژوو بۆ لاوان (14)

# داڤینچی

پیتەر ئامی

و: ئاگری ئەفشین



2017

زنجیرەی مێژوو بۆ لاوان (14)

نووسینی: پیتەر ئامی

و: ئاگری ئەفشین

چاپ: ئەلکترۆنی

ساڵ: 2017

وێنەی بەرگ وەرگیراوە لە کتێبی

Who was Leonardo da vinci?

By Roberta Edwards

ناوەڕۆک


ڕێنسانس

ئیتالیا لە سەدەی پانزەهەم

بنەماڵەی مدیچی

لیۆنارد

دەستنووسەکانی داڤینچی

لودویک سفوزا

شێوی کۆتایی

ئەسپە گەورەکە

ڤێنیز

سێزار بورگیا

میکیل ئانجیلۆ و (جەنگی ئەنگیاری)

مونالیزا

خەونی فڕین

لە خزمەتی فەڕانسیەکاندا

پیاوی زانست

مرۆڤی سەردەمی ڕێنسانس

داڤینچی وڕێنسانس لە مێژووی جیهاندا

پاشکۆ



## ڕێنسانس

لیۆناردۆ داڤینچی لە یەکێك لە سەردەمە هەرە گرنگەکانی مێژوو ژیانی بەسەر بردووە. ئەو لە سالی 1452واتە سالێك بەر لەوەی تورکەکان دەست بەسەر شاری قوستەنتەنیەدا بگرن لە دایك بووە، واتە ئەو سالەی ئیمپراتۆریەتی بێزەتی شکستی خوارد، و لە سالی 1519م کۆچی دوایکرد. لە هەمان ساڵدا ژمارەیەك کەشتی بە ڕێبەرایەتی ماژەلان لە پورتوگالەوە بە ڕێکەوتبوون. دوای دوو سالْ کەشتیەکان بە سەرکەوتووی گەڕانەوە، بەم پێیە بۆ هەوەڵین دەفحە مرۆڤ سەرکەوتوبوو کە لە ڕێگای دەریاوە بە دەوری دونیادا سەفەر بکات. ( کتێبی کریستۆفەرکۆلۆمبوس لەم زنجیرەیەدا)

هەر لەو سەردەمەدا کە دەریاوانەکان ڕێگای نوێیان دەدۆزیەوە و تورکە موسلمانەکان، پێشڕەویان دەکرد بەرەو ئەوروپای مەسحیەت، ڕێنسانیش بە مانای نوێبوونەوەی ژیان لە ئیتالیا دەستی پێکرد. بلیمەت و هونەرمەندانی ئیتالیا لەسەدەی پانزە گرنگی زۆریان دەدا بە کاری یۆنانیەکان و ڕۆمیەکانی بەر لە سەدەکانی ناوین. ئەمانە دەستیان دابووە لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای نیشانە و بەڵگە لە کتێبخانە و پارچە ئاسەوار لە کەلاوەو شوێنە کۆنەکای ڕۆم. ئەم هونەرمەندانە ئیلهامیان لە ڕابردوو وەردەگرت و هەوڵی بونیادنانی شتانێکی بەنرخیان دەدا بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی ڕابردوو دووبارە زیندوو بکەنەوە.

لە سەدەی شانزەیەم، گۆڕانکاریەکانی سەردەمی ڕێنسانس ئەوەندە گرنگی پێدەدرا، کە باوەڕیان وابوو سەردەمێکی نویٚ لە مێژووی جیهان دەستیپێکردووە. لەمە بە دواوە زۆرێك پێیان وایە، کە ڕێنسانس دەستپێکی سەردەمی مۆدێرنە.

یەکێك لە پیاوە گەورەکانی ئەو سەردەمە لیۆناردۆ داوینچیە، کە ژیان و دەستکەوتەکانی ئاماژەیە بۆ گۆشەیەك لە گۆڕانکارەیەکانی سەردەمی نوێکاری ژیان لە ئیتالیا.

## ئیتالیا لە سەدەی پانزەیەم

داڤینچی لە ڤینجی نزیك فلۆڕانس لە دایك بوو. لەو سەردەمەدا، بەشێکی گەورەی سەرزەوی ئیتالیا دابەش کرابوو کە وەکوو ویلایەت یان شار دەناسرا، و ئیدارەی ناوچەکە لە ژێر چاوەدێری گەورەترین شاری ئەو ناوچەیە بوو، کە فلۆڕانسیش یەکێك بوو لەوانە.

سەردەمانێك ئیتالیا بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم. كاتێك ئیمپراتۆریەت ڕوخا، چی دیكە یاسا و دەستوور جێبەجێ نەدەكرا. بە هۆی دزی وڕێگری وتالآنی لە سەرانسەری ئەوروپا، بازرگانی كردن تەواو لاواز ببو و خەریك بوو بازرگانی كردن دەبوو بە شتێكی بێ سوود. بۆیە زۆربەی خەڵك بۆ بەرهەم هێنانی پێداویستیەكانیان نا چار بوون لە لادێ و شارە بچوكەكان ژیان بە سەر ببەن، و بۆ بواری ئاسایش خەڵك پشتیان بە دەوڵەمەندەكانی ناوچەكە دەبەست. ئەم بارودۆخە بە زۆری لە ناوچەكانی ئەوروپای ڕۆژئاوا وتا ڕادە یەكیش لە ئیتالیا بەرچاو دەكەوت.

لە گەڵ ئەوەشدا، ئیتالیا دوو تایبە تمە ندی هەبوو. هەوەڵ ئەوەی بە هۆی شاخاوی بوونیەوە بۆ كشتوكاڵ كردن لە بار نەبوو. لەبەرئەوە زۆربەی دەوڵمەندەكان لە جیاتی ژیان لە لادێكان یان ویلایەتەكانی ژێر دەستیان بەسەر برن، لە شارەكان دەژیان و سەرقاڵی بازرگانیكردن بوون. ئەو كاتەی داڤینچی لە دایك بوو، ئیتالیا لە چاو وڵاتانی دیكەی ئەورووپی خاوەنی زۆرترین شاری گەورە بوو. كۆی ژمارەی دانیشتوانی فلۆڕانس و شەش شاری دیكە زیاتر لە 60000 نەفەر بوو، ئەمە لە كاتێكدا كە لە ئینگلتەرا، لەندن تەنها 20000 نەفەری لێ دەژیا.

دووهەم، ئیتالیا لە ڕووی بازرگانیەوە كەوتبووە ناوچەیەكی زۆر گونجاو لە نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەلآت. بازرگانانی ئیتالیا زۆرجار ڕۆڵی نێوەندگیر یاخود دەلآڵیان دەگێڕا. ئەوان كالآیان لە ئەوروپاوە دەكڕی و بە ڕۆژهەلآتیان دەفرۆشت و بە پێچەوانەشەوە. لە فلۆڕانس چالاكیە بازرگانیەكان بێ حساو زیادی كردبوو. ئەوان لۆكەیان لە ئینگلەترا و ئاوریشمیان لە ڕۆژهەلآتەوە هاوردە دەكرد و دواتر پارچەی زۆر نایابیان لێ دروستدكرد و بە دەوڵەمەندەكانی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوایان دەفرۆشتەوە. بەم پێیە جگە لەوەی فلۆڕانس ناوچەیەكی بازرگانی بوو، بەڵكو بەرەو ناوچەیەكی پیشە سازیش هەنگاوی نابوو.

هەندێك لە خێزانە گەورەكانی فلۆرانس ببونە خاوەن بانك. ئەوان قەرزیان دەدا بە پادشاو لۆردەكان كە لە ئەوروپادا خاوەن هێز بوون، و لە بەرامبەردا ئیمتیازی زۆریان وەردەگرت. بۆنموونە قەرزیان دەدا بە لۆردێكی ئینگلتەرایی بەو مەرجەی لۆكەی ساڵی داهاتوو بە نرخێكی كەمتر بەوان بفرۆشن. بەم پێیە سوودێكی زیاتر بە فلۆڕانس دەگەیشت.



**لورنزۆ مدیچی** 1449–1492

## بنەماڵەی مدیچی

حکومەتی فلۆرانس کۆماری بوو واتە پاشـــای نەبوو. دەبوایە لە لایان حکومەتێکەوە بەڕێوە چـووبا کە خەڵك هەڵیانبژاردبا، بەڵام لە ڕاسـتیدا لـە لایـەنژمـارەیـەك خێزانی دەولـّەمـەنـدوە بەڕێوەدەبرا کە سامانەکانیانلە ڕێگەی بازرگانی و بانکداریەوەدەســت کەوتبوو. ئەم خێزانانـە هەمووجارێ پارەیان دەدا بە خەڵك بۆ ئەوەی دەنـگ بـەوانـە بـدەن کـە خـۆیـان دەیانهەوێ.

باناوبانگترین و بەهێزترینی ئەو خێزانانە، بریتی بوولە خێزانی مدیچی. دوو ئەندام لەو بنەماڵەیە کە زیاتر بەرچاو بوون، کازیمو مدیچیو نەوەکەی واتە لۆرنزۆبوو، کە لە سەردەمی لاوێتی داوینچی ئەمانە فلۆرانسیان بەڕێوەدەبرد. کازیمۆ و لۆرنزۆ بە خاوەن شـکۆ ناسـرابوون کە پشـتیوانیان لە پێشکەوتن و هونەر دەکرد. ئەوان یارمەتی دارایی تەلارسـاز و پیکەر سـاز و وێنەکێشـەکانیان دەدا بۆ ئەوەی کۆشـــك و تەلار و ئاســـەواری ناوازە دروســـت بـکـەن. هـەروەهـا یـارمـەتـی هونەرمەندەکانیان دەدا، لە ســـەردەمی کازیمۆ بوو کـە ئـەوەڵین کتێبخـانـەی گشـــتی لـەوێ دروستکرا.

## لیۆنارد

باوکی داڤینچی خاوەن ملك و پارێزەری ناوچەکە بوو. زانیاری زۆرمان لە ســـەر منالّی داڤینچـــی لەبەردەســـتدا نییە، بەڵام بە پێی گێڕانەوەیەك ئـەو لـە تـەمـەنی منـاڵیـدا، وێنـەی دێوێکی کێشـــابووەوە. ئەم وێنەیە ئەوەندە بە کارزانی کێشـــرابوو کاتێك باوکی بینی، وێنەکە ئەوەندە سـروشـتی دەهاتە پێش چـاو باوکی بۆ ماوەیەك ترســی لێ نیشـتبوو. دواتر بەهۆی ئەوەی تەواو کەوتبووە ژێر کاریگەری لێهاتووی داڤینچـیـەوە، باوکی ناردیە لای هونەرمەندێکی فلۆرانس بە ناوی ڤروچیوبۆ ئەوەی لەوێ پەرە بە بەهرەکانی بدات. ڤروچـیو لە فلزکاریەوە دەسـتی پێکردو و دواتر ڕووی کردبووە پەیکەرسازی و وێنە کێشان. جگە لە وێنەکێشـــان، ڤروچـــیو هوگریەکی زۆری هـەبوو بۆ زانســـتی بیرکـاری و ڕوانـدنی گوڵ. هۆکاری سەرکەوتنەکەشی ئەوەبوو کە تامەزرۆیی زۆری هەبوو بۆ فێربوون، بۆیە کاتێك دەیویســت هەر ڕشـــتەیەك فێر ببێت، تا لە توانایدابا لە سەری بەردەوام دەبوو. ئەو سەر مەشقێکی چاك بوو بۆ داڤینچی.

لەو ســـەردەمەدا هونەرمەندەکان هەر وەکوو پیشەوەرکان نا چار بوون ببنە ئەندام لە گروپ و

دەستەیەك كە مامۆستاكان پێكیان دەهێنان، هەر فێرخوازێك دەبوایەبۆ ماوەی چەند ساڵێك لە پێشگای مامۆستایەكدا بێت بۆ ئەوەی هەموو هونەرەكان فێر ببێت. دواتر مامۆستایانی ئەو هونەرە تاقیكردنەوەیان لە قوتابیەكان دەگرت، ئەگەر سەركەتووبان ئەوا دەچوونە ڕێزی مامۆستایان. زۆرجار مامۆستا گەنجەكان كە تا ئەو ڕادەیە ناسراو نەبوون لە پێشگای مامۆستاكانیان دەمانەوە.


دەورانی فێرخوازی لەوانەبوو حەوت ساڵ یاخود زیاتر درێژە بكێشێت. بەڵام داڤینچی لە ماوەی چوار ساڵ پلەی مامۆستایی وەرگرت. ئەویش وەكوو زۆربەی فێرخوازەكانی دیكە، وێنەكێشان بە هۆی لە بەرگرتەوەی كاری مامۆستاكەی فێربوو. بۆ نموونە زۆر جار ڤرۆچیو وێنە ئاسانەكان و كەم بایەخەكانی دەدایە فێرخوازەكان كە ڕاهێنانی لەسەر بكەن. داڤینچی هەموو ئەو شتانە فێر ببوو كە مامۆستایەك دەبوایە بیزانیبا واتە، ڕووكاری وێنەكان، تێكەڵ كردنی ڕەنگەكان و داڕژان.

## دەستنووسەكانی داڤینچی

داڤینچی دوای دە ساڵ لە تەواو بوونی فێرخوازی هەر لە فلۆرانس لە لای ڤێر چیو كاری دەكرد. تا ئەو ڕادەیەی بۆ كراسەرقاڵی خوێندنەوە بوو و زانیاریەكانیشی وەك دەستنووس یادا شت دەكردن. زیاتر لە حەوت هەزار لاپەڕ لەدەستنووسەكانی داڤینچی هێشتا لەبەردەستدان. ئەم دەستنووسانە بریتین لە ئەو بابەتانەی ئەو گرنگی پێ دەدان هەروەها بریتین لە پرسیار و وڵام. ئەو چەپ دەست بوو و زۆر جار بە شێوەی پێچەوانە شتی دەنووسی( واتە دەتوانرێ نوسینەكانی لە ئاوێنەدا بخوێنرێنەوە)، هەڵبەت ئەم شێوازی نوسینە بۆ هەندێك لە چەپدەستەكان زۆرئاسانە. بەڵام لەوانە یە هۆكاری ئەوەی كە ئەو بەم شێوازە دەینووسی ئەوەبوو كە دەیویست بیروڕاكانی لەو كە سانە بشارێتەوە كە نوسینەكانی ئەویان تەما شا دەكرد. شتانێكی زۆر سرنجی داڤینچیان ڕادەكێشا، وەك هونەرمە ندێك، دەیویست كە بتوانێ وێنەی هەموو شتێك بكێشێت، بەڵام زۆر جار خوا ستەكانی ئەو لە سەرووی ئەمانەشەوە بوو. ئەوتامەزرۆ بوو كە بزانێ شتەكان چۆن دروستكراون و كار دەكەن. زۆربەی جار لە بابەتێكەوە دەچووە سەر بابەتێكی دیكە، بۆ نموونە لە كاتی كێشانی وێنە یەكی ئادەمیزاد، سەرنجی ڕادەكێشرا بۆ ئەندامەكانی ناوەوەی جەستەی مرۆڤ و دەستی دەكردە لێكۆڵینەوە و موتاڵاكردن لە سەر ئەندامەكانی ناوەوەی جەستەی ئادەمیزاد، چونكە دەیویست خۆی بە دوور بگرێت لە هەر هەڵە یەك لە كاتی وێنەكێشانی ڕووكاری دەرەوەی شكڵی مرۆڤ، بەم پێیە وێنەكێشان سەرنجی ئەوی ڕادەكێشا بۆ توێكاری.



ئاندرا دیل ڤروچیو مامۆستای داڤینچی



کاتێك بناغەی کۆشکێکی دەکێشا سرنجی دەچووە سەرزەوی کە پایەکانی لە سەری وە ستاوە، و لە ئەنجامدا سرنجی دە چووە سەر زەوی ناسی. کاتێك دەیویست لە بارەی پرسپکتیو(بچووك هاتە بەرچاوی شتەکان لە مەودایەکی دوور) بزانێت، ئەوا سرنجی دەچووە سەرلێکۆڵینەوە لەبارەی خودی بینین، ئەمەش وای لێدەکرد بچێت لەبارەی عەدەسەی چاو بخوێنێتەوە و لێکۆڵینەوە بکات، دواتر وای لێدەهات کە بەرەوئەستێرەناسی دەچوو.

ئەو لە یەکێك لەدەستنووسەکانی بە خۆی ووتبوو (چاوێلکەیەك دروست بکە کە مانگ گەورەتر نیشان بدات.) بەڵام دیار نییە کە دروستی کردووە یان نا. هەوەڵین تێلسکۆپ، سەد ساڵ دواتر سوودی لێوەرگیرا.



اسولکەکانی لەشی مرۆڤ


## لودویك سفوزا

دەستنووسەکانی داڤینچی، پڕ بوون لە بیرۆکەی جۆراوجۆر و نایاب لە وێنە، باڵەخانەو ئامرازی بەسوود. لە گەڵ هەمووئەمانەشەدا بە داخەوە لە ماوەی دە ساڵی دوای تەواوبوونی سەردەمی فێرخوازی، کارێکی زۆری دەستنەکەوت. لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە وێنەکانی بە نیوەچڵی جێ دەهێشت.

بە هەرحاڵ، کاتێك تەمەنی گەیشتە سی ساڵ بڕیاری دا بۆ کۆکردنەوە سەروەت بچێت بۆ دیوەخانی فەرمانڕەوای ئەوکاتی شاری میلان، لودویك سفوزا. بۆیە نامەیەکی بۆ فەرامانڕەوا نووسی و داوای کاری کرد. لودویك کەسێکی ستەمکار بوو و دوژمنی زۆریشی هەبوو و داڤینچی بە هۆیزانستەوە، بۆ ئەم بابەتە پێشنیاری دروستکردنی چەکی جۆراوجۆری سەربازی کردبوو کە لە کۆتایی نامەکەشدا چەند وێنەیەکی کێشابوو.

لودویك لە دیوەخانی خۆی دایمەزراند، بەڵام نەك بۆ دروستکردنی کەرەستەی جەنگی، بەڵکو بە هۆیشارەزایی ولێهاتویەکی لە شێوەکاری، وێنەکێشان، موسیقا ...هتد.

لودیوك داوای لە داڤینچی کرد کە لە دیوەخانەکەیدا شانۆیەك بە ماسك ئەنجام بدات ( کە بەژداربووان دەموچاویان بە ماسك دادەپۆشن)، ئەم شانۆیە چەندین بەشی هەبوو، کە خەرجیەکی زۆری دەویست. لەم جۆرە شانۆیانەدا پیاوانی فەرمانڕەوا و هەتا خودی




لودویك وخێزانەكەشی بەژداریان دەكرد. خێزانی فەرمانڕەوا هەمیشە خولیای جلی ڕازاوە نمایشی سرنجڕاكێش بوون، كە داڤینچی هەمیشە بۆ سەرسام كردنی بەژداربوون هەموو توانایەكی بەكاردەهێنا.

## شێوی كۆتایی

جگە لە بەرهەمەكانی، داڤینچی دوو بەرهەمی هەبوو كە لە هەمووان زیاتر لەو كاتەدا نێودێریان كرد، یەكەم وێنە و دووەم پەیكەر.

وێنەكە بە (شێوی كۆتایی) ناسراوە كە دیمەنێكی زۆر ناسراو وبە ناوبانگ، كە تێیدا عیسی مسیح(د.خ) لە سەر مێزی نانخواردنی ئێوارە بە




وو لە وێنەکانی داڤینچی لە بواری ئامرزازی جەنگی

حەواریە کانی دەڵێت کە ئاگادارە لەوەی لە دەوری ئەم مێزە،کەسێکی لێیە کە خەیانەتی لێکردووە. ئەم وێنە یە یاخود تابلۆیە زۆر بە خێرایی لە جیهانی مەسیحیەتدا ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و ستایشیان دەکرد. داڤینچی ئەم وێنەیەی لە ماوەی سێ ساڵدا کێشایەوە. لەو ماوە یدا، هە ندێك کات وای لێدە هات ئەوە ندە سەرقاڵی وێنەکە بوو کە نە خواردنی دەخوارد نە خواردنەوە، بەڵام کاتی واش هەبوو چەندین ڕۆژ تێدەپەڕی نزیکی وێنەکە نەدەبووەوە. بە شێوەیەك ئەو قەشەیەی کە سەفارشی ئەو وێنە یەی دابوو لە لای لودویك شکا یەتی لە داڤینچی کرد کە وێنەکە کاتێکی زۆری پێچووە.

داڤینچی ووتی هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە دوای دەموچاوێك دەگەڕێ کە بۆ یەهودای بە کاربهێنێت ناشیرینترین ڕوخسار بێت. دواتر ووتی کە ئەگەر زۆر پەلەتە لە وێنەکە دەتوانێ لە ڕوخساری خوودی قەشەکە کەڵك وەربگرێت.



تابلۆی (شێوی کۆتایی) ئەم نەقاشیە لە سەر دیواری کەلیسایەك لە میلان كێشراوە، ئەم تابلۆیە زۆر بە خراپی زیانی بەرکەتووە



ئەم تابلۆیەش رافائل مورگان دایڕشتۆتەوە کە هەموو وردەکاریەکان بە جوانی نیشان دەدات.



سوارچاك. كه داوينچي‌بۆيادكردنه‌وه‌ی سفۆرزای كێشاوه.

## ئه‌سپه گه‌وره‌كه

لودويك خوازيارى ئه‌وه بوو كه په‌يكه‌رێكى برۆنزى لێ دروست بكه‌ن كه له سه‌ر پشتى ئه‌سپێك بێت بۆ ئه‌وه‌ى بۆ هه‌ميشه ئه‌م په‌يكه‌ره بمێنێته‌وه و نيشانده‌رى هێز و تواناى ئه‌و بێت. لۆيه داواى له داڤينچى كرد ئه‌و په‌يكه‌ره‌ى بۆ دروست بكات. هه‌ڵبه‌ت ده‌بوا يه گه‌وره‌ترين په‌يكه‌رى‌برونزى بێت كه تا ئه‌و سه‌رده‌مه شتى وا نه‌كرابێت.

داڤينچى ده‌ستى كرده لێكۆڵينه‌وه له سه‌ر ئه‌سپه‌كان، شێوه‌ى زۆر كێشا. ئه‌و هه‌تا توێكارى ئه‌سپه مردووه‌كانيشى ده‌كرد، بۆ ئه‌وه‌ى له كاتى دروستكردنى ڕانى ئه سپه‌كان تووشى هيچ هه‌ڵه‌يه‌ك نه‌بێت. به‌ڵام دواى شه‌ش ساڵ كار كردن، داڤينچى په‌رده‌ى له سه‌ر په‌يكه‌رێكى قوڕينى زۆر ناوازه لادا، كه به هۆيه‌وه ناوبانگى ده‌ركرد. هه‌ڵبه‌ت ئه‌سپى برۆنزى هيچ كات دروست نه‌كرا، ئه‌ويش به هۆى هێرشى فه‌ڕانسيه‌كان بوو بۆ سه‌ر ميلان، و سوپاكه‌ى لودويك به‌شێكى‌زۆرى ئه‌و برۆنزه‌ى كه بۆ په‌يكه‌ره‌كه ده‌سته‌به‌ركرابوو، له دروستكردنى چه‌كدا كه‌ڵكيان لێ وه‌رگرت. لودويك ده‌ستگيركرا و داڤينچيش به‌ره‌و ڤێنيزهه‌ڵات. په‌يكه‌ره‌كه‌ش له لايه‌ن تيرهاوێژه فه‌ڕانسه‌وه‌يه‌كانه‌وه كه وه‌كوو نيشانه شكاندن مه‌شقيان له سه‌رده‌كرد خراپ كرا.

## ڤێنیز

ئەو کاتەی داڤینچی پەناهەندەی ڤێنیز بوو، خەڵکی ڤێنیز لە حاڵەتی جەنگدا بوون لە گەڵ تورکەکان، وە هیچ ئومێدی سەرکەوتنیان بەرامبەر تورکەکان نەبوو، لەبەر ئەوە خوازیاری بیرۆکە یان ئیدەی نوێ بوون کە داڤینچی بیرۆکەی زۆری هەبوو. بیرۆکەکانی داڤینچی بریتی بوون لە جلی ژێردەریایی(غەواصی) و ژێردەریایی یەك نەفەرە. هەروەها ئەو بیرۆکەی دروستکردنی چەند جۆرەکەشتیەکی هەبوو کە دەیانتوانی پاشەکشە بە دوژمن بکەن و هەتا جۆرێکیان هەرگیز ژێرئاو نەدەکەوت. و هەروەها پێشنیاری ڕوستکردنی شوورەیەکی بە دەوری شاروا کرد کە دەستبەسەرداگرتنی مەحاڵ بێت.

بەڵام هیچ کام لەم بیرۆکانە کەڵکی لێ وەرنەگیرا. خەڵکی ڤێنیز ئامادە نەبوون کات و پارەی خۆیان لەسەر ئەم پێشنیارانە بە فیڕۆ بدەن. لەبوامبەردا پشتیان بە کەشتیی چەك و چۆڵەکانی خۆیانبەست. داڤینچی دڵنگەران بوو لەم بابەتە و گەڕایەوە بۆ فلۆڕانس و دواتر چوو بۆ دیوەخانی سێزار بورگیا.

## سێزار بورگیا

سێزار بورگیا کوڕی پاپ ئەلکساندەری شەشەم بوو. بورگیا بە خوێنڕێژ و فێڵباز ناسرابوو، بەڵام لە پاش مردنی، لە کتێبی نیکۆلا ماکیاولی نازناوی "پرێنس"ی وەرگرت و ستایش کرا بە هۆی ئەو سیفەتانەوە کە هەیبوون. ماکیاولی بۆ سەرنج ڕاکێشانو خۆشەویستی خەڵك بۆ فەرمانڕەواکان باسی ئەوەی دەکرد کە فەرامانڕەواکان چۆن دەتوانن هێز بەدەست بێنن و پارێزگاری لە کورسی ودەسەڵاتی خۆیان بکەن. بە ڕای ماکیاولی پێویست بوو دەسەڵاتدارەکان بۆ ئەم کارەیان سوود لە هەموو شتێك وەربگرن، لە ستەم و خۆشەویستیەوە بگرە هەتا ڕاستگۆی، دۆ، خەیانەت و وەفاداری.

سێزار دەیوست ببێت بە گەورەترین دەسەڵاتداری ئیتالیا. بۆ ئەم کارەشی بناغەی هێزەکەی لە سەر بنەمای هێز و خەیانەت بونیاد نابوو، و لەم ڕێگەیەدا هەتا مێردی خوشکەکەشی ژەهرخوارد کرد. سێزار بۆ کاراکردنی پیلانەکەی، هەندێك بیرۆکەی هەبوو بۆ داگیرکردنی فلۆڕانس، و داڤینچیشی بۆ ئەم مەبەستە وەکوو بەڕێوەبەری پلانەکەی دامەزراند.



نیکۆلا ماکیاڤلی1469 –1527

داڤینچیـــیش بۆ ئەم کارە درێغی نەکرد. هەموو نەخشە جوگرافیایەکانی ئەو شارەوهەتا مەودای نێوان ناوچـــەکانیش بە وەردکاریەوە خســـتە بـەردەســـتی ســـێزار. لـە پـاش مردنی پـاپ ئەلکســـا ندر و نەخۆش کەوتنی ســـێزار، ژێر دەســتەکانی ســێزار کودەتایان بەســەریدا کرد و داڤینچیش بە هۆی مەترسیەکان لە سەری ئەوێی بەجێهێشت.

ئەمڕۆ ئەگەر کەســێك هاوکاری دوژمنی وڵاتەکەی بکات، هەروەك کە داڤینچی یارمەتی سـێزاری دا بۆ داگیرکردنی فلۆرانس ئەوا بەخەیانەتکار یاخود جاش دەناســـرێ، و هەتا لەوانەیە لەســـێدارە بدرێت. بەڵام داڤینچـــی گەڕایەوە بۆ فلۆرانس و کەسـیش دەسـتگیری نەکرد. ئەو ئامادە بوو کار بۆ هەر کە سێك بکات کە کارێکی چاکی پێبدەن. لەو ســـەردەمەدا ئەم بابەتە لە ئیتالیا ئەوەندە گرنگی پێنـەدەدرا و هیچ کـەس ســـەرکۆنـەی داڤینچی نەکرد بەهۆی ئەم کارەیەوە.



نەخشەی تۆسکانی، داڤینچی ئەمەی بۆ سێزار بورگیا دروست کرد.

## میکیل ئانجێلۆ و (جەنگی ئەنگیاری)

ئـەو کـاتـەی داڤینچـــی گـەڕایـەوە بۆ فلۆڕانس تەمەنی پەنجاو یەك ســـاڵ بوو. لەو کاتەدا کەسـێکی دیکەی فلۆڕانسـی کە بیسـت سـاڵ لەو بچوکتر بوو لەوێ دەژیا، ناوی میکل ئانجێلۆ بوو. زۆر کـەس پێیـان وابوو کـە ئـەو لـە داهـاتوودا هونەرمەندێکیزۆر گەورەتر لە داڤینچـــی لێ هەڵدەکەوێ.

حکومـەتی ئـەو ســـەردەمـە، داوای لـەم دوو هونەرمەندە کرد کە هەریەکەیان لە ســـەر دیوارەکانی شـوڕای شـــار وێنە بکێشـــن، بابەتی وێنەکەی داڤینچـــی (جەنگی ئەنگیاری) بوو، ئەو دەبوایە دیمەێکی وێناکردبا، کە لە هەردوولاوە ئەســـپســـوارەکان، لە جەنگێکی قورســـــدا، ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە. داڤینچی بۆ ئەوەی زوو کارەکەی تەواو بکات، زۆر پەلەی کرد. بۆ ئەم کارەی ســوودی لە ڕەوشــێکی نوێ وەرگرت، کە تێیدا ڕەنگەکان بە هۆی ئاگرەوە زووتر وشـــك دەبنەوە. ئەو پێشتر ئەم بیرۆکەیەی لە وێنەیەکی بچـــوکدا تـاقی کردبووەوە، بـەڵام دیوارەکـانی ئەنجومەن زۆر بەرز بوون و گەرمی ئاگرەکە وەك پێویست نەدەگەیشتە هەموو بەشەکانی وێنەکە. لە ئەنجامدا ڕەنگەکان لە ســـەرەوە دەچـــۆڕانە خوارێ، بۆیە داڤینچی بە هۆی ئەوەی ڕەوشەکەی سەری نەگرت دەستیلە وێنەکە هەڵگرت.



بەشێك لە جەنگی ئەنگیاری. ئەمڕۆ وێنە ڕاستەکەی ئەم نەقاشیە لەبەردەستدا نییە. ئەمە لە لایەن ڕۆبنێزەوە(وێنەکێشی ئەڵمانی پیتەر پۆڵ ڕۆبێنز) لە سەر دیوارهەڵکنراوە.

## مونالیزا

هەر لەو کاتەدا، داڤینچی کاریشی لە سەر وێنەی مونالیزا دەکرد. (مونا) کورتکراوەی(مادونا)یە لە زمانی ئیتالیدا واتە (خانمەکەم). خانمی ناو وێنەکە، لیزا جیاکوندا بوو، هاوسەری یەکێك لە بەگزادەکانی فلۆڕانس. لەبەر دوو هۆکار شتی زۆر لەسەر وێنەی (مونالیزا) نووسراوە لە چاو هەر وێنەیەکی دیکە" هەوەڵ لێهاتووی و کارزانی کە لە وێنەکەدا بەکارهاتووە و دووهەم بە هۆی زەردەخەنەی تایبەتی ئەم وێنەیە. چەندین نەوەیە کە زەردەخەنەی مونالیزا دەناسن، هەمووان بە نهێنی ئامێزی دادەنێن. لەم وێنەیەدا وانیشان دەدات کە مونالیزا بیر لە شتێکی تایبەت دەکاتەوە، کە مرۆڤ هەوڵ دەدات بزانێ بیر لە چی دەکاتەوە؟ بەڵام ناتوانێ پەی پێ ببات.

داڤینچی لە دڵەوە ئەم وێنەیەی خۆش دەویست و لە باقی تەمەنی ژیانیدا، بۆ هەر کوێ چووبا ئەم وێنەیەشی لە گەڵ خۆی دەبرد. ئەم وێنەیە ئێستا لە موزەخانەی لووڤر لە پاریس بە توندی پارێزگاری لێدەکرێت. ( مونالیزا لەساڵی 1911 لەم موزەخانەیە دەزرا و لە ساڵی 1913 گەڕێنرایەوە شوێنی خۆی، بۆیە ئێستا بە توندی پارێزگاری لێدەکرێت. و.)



مونالیزا یان زەردەخەنەی ژۆکەند


## خەونی فڕین

لە هەموو دەستنووسەکانی داڤینچیدا، وێنەی جیاواز لە فڕین بەرچاو دەکەوێت. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەو هەوەڵین کەس نەبوو کە خەونی فڕینی هەبوو. دوو سەدە بەر لە ئەو ڕاجر بیکەن، مەیسەربوونی ڕووداوی فڕینی باس کردوو و هەروەها وەك دەگێڕنەوە، لەسەردەمی داڤینچیش پیاوێکی دیکەی ئیتالی بە ناوی جیووانی باتیسا دانتی،هەوڵی فڕینی دابوو. ئەو بە هۆی چەترێکەوە لە سەربانی کەلیسایەك خۆی هەڵدا خوارێ و لەو مەودایەدا، کەمێك فڕی، بەڵام لە کاتی نیشتنەوە، زۆر بە توندی خۆی بە زەویدا کێشا و لاقی شکا.

تایبەتمەندی داڤینچی لەم بوارەدا، بیرکردنەوەی ورد و هەڵسەنگاندن بوو بۆ وەدیهێنانی خەونی فڕین. ئەو وەکوو هەنەرمەندێکی لاو، زۆر تامەزرۆی وێنەکێشانی باڵندە بوو لە کاتی فڕین و ماسی لە کاتی مەلەکردندا. ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو بیربکاتەوە لەوەی کە هەوا و ئاو وەکوو یەك لە جەرەیاندان. ئەو لە یەکێك لە دەستنووسەکاندا دەڵێ: (ئەگەر بیر لە مەلەکردن بکەینەوە لە ژێر ئاو، ئەو کات بابەتی فڕین لە هەوادا ڕۆشن دەبێتەوە)

ئەو بۆی دەرکەوت بە هەمان ئەو شێوەی کە ئاو لە دەوروبەری قۆڵی کەسیمەلەوان دەلەرێتەوە، بە هەمان شێوە هەواش کاریگەری لەسەر باڵی باڵندە هەیە لە هەوادا، هەر بە هۆی ئەمەوە بوو کە پەی بە گرنگی جەرەیانی جۆڵەی هەوا برد، و زۆر بە ووردی لێکۆڵینەوەی لەم بارەوە کرد. چوار سەدە دواتر برایانی ڕایت بەر لەوەی بگەنە حەلی بابەتی فڕین، ناچار بوون لێکۆڵینەوە لە جوڵەو جەرەیانی هەوا بکەن.

داڤینچی، لێکۆڵینەکانی لە سەر هێز و کێشی باڵندە دەست پێکرد. ئەو هەمیشە باڵندەکانی کە لە قەفەس دابوون دەکڕین و ئازادی دەکردن، لە بەرئەوەی زۆر ڕەقی لەوەبوو باڵندەکان لە قەفەسدا زیندانی بکرێن. بەڵام هیچ کات ئەم بابەتە ڕێگر نەبوو لەوەی توێکاری بۆ باڵندە مردووەکان بکات، بۆ ئەوەی لە شێوەی پێکهاتەی باڵەکانی باڵندە بکۆڵێتەوە، و ماسولکەکان چۆن یاوەتیدەری جوڵانی باڵەکان دەبن. هەروەها لێکۆڵینەوەی لە باڵندەکان کرد لە کاتی فڕیندا، بۆ ئەوەی بۆی دەرکەوێت چۆن دەتوانێ خۆی لە کاتی جوڵان کۆنتڕۆڵ بکات. هەروەها موتالای لەسەر بەراوەردی هێز و کێشی نێوان مرۆڤ و باڵندە دەکرد، گەیشتە ئەو



شێوەیەك لە ئامێری فڕین. شێوەی كاركردنی ئەم ئامێرە ئەوەیە كە ئەو كەسەی دەیەوێ بفڕێ دەبێ لەسەر سك ڕابكشێ و بە هۆی كەمەربەند بە دەوری مل و كەمەر خۆی دەبەستێتەوە. ئەو بە هۆی دەست و قاچەكانی باڵەكانی ئامێرەكە دەجوڵێنێ.

دەرئەنجامەی كە مرۆڤ دەبێت لە ڕێگای ئامێرێكی تایبەتەوە بفڕێت. ئەو چـــەندین جار وێنەی ئەو ئامێرەی كێشا كە بیری لێ دەكردەوە، و بە هۆی لێكۆڵینەوەكانیەوە چـــەندین ســـاڵی پێ چـــوو تا وێنەكەی تەواو كرد. ئەو هەتا وێنەی هەلی كۆپتەر و چەتری نەجاتیشی كێشا.

لە 1505/4/15بەم جۆرە دەنووسـێ: (باڵندە گەورەكە، لە سەر گردی سوان( گردێكی گەورەیە لە نزیك فلۆرانس) دەست بە فڕین دەكات.) بەڵام تا ئەو جێیەی كە بزانین ئەم ڕووداوە هەرگیز ڕووی نەدا. لەوانەیە هەوڵی ئەم كارەشـــی دابێت بەڵام ســـەركەوتوو نەبووە، و لەوانەشـــە هەرگیز هەوڵی بۆ نەدابێت. لە هەمووی خراپتر ئەوبوو، كە لە پاش مەرگی هەموو لێكۆڵینەوەكانی ئەو لەبارەی جەرەیانی هەوا فەرامۆش كران. گەرچی كاتێك مرۆڤەكان دووبارە دەســـتیان كردەوە بە لێكۆڵینـــەوە بۆ وەدیهێنـــانی خـــەونی فڕین ، ڕووبـــەڕووی هـــەمـــان بـــابـــەت بوونـــەوە، ئـــەم لێكۆڵینەوانە هەرگیز سوودی لێوەرنەگیرا.

## له خزمەتی فەڕانسیەکاندا

لە ساڵی 1506 شاری میلان هەر لە لایەن فەڕانسیەکانەوە بەڕێوەدەبرا و شارڵ دی.ئامبوز، لە لایەن پادشا لوئی شانزەهەمەوە دیاریکرابوو بۆ حوکمڕانی کردنی میلان. فەڕانسیەکان داوایان لە حکومەتی فلۆڕانس کرد کە ڕێگە بە داڤینچی بدەن لە میلان خزمەت بکات و فلۆڕانسیەکانیش قەبوڵیان کرد هەرچەند مەیلیشیان لێ نەبوو. لەو کاتەوەی ئینگلیزییەکان لە خاکی فەڕانسە کرانە دەرەوە، واتە پەنجا ساڵ بەر لەو مێژووە، فەڕانسیەکان یەککگرتووەیکان پێکهێنا، لەو کاتەدا فەڕانسە لە تەلوی ئیتالیا گەورەتر بوو و یەکێك بوو لە بەهێزترین وڵاتانی ئەوروپا. لەبەرئەوەی فلۆڕانسیش بەهێز بوو فەڕانسە زاتی ئەوەی نەکرد کە لە گەڵ هەموو وڵاتەکەدا بجەنگێت.

پاشاکانی فەڕانسە بە هۆی هێزودەسەڵاتداریان، لە توانایاندابوو کە فەڕانسە بکەن بە یەکێك لە گەورەترین ناوەندی هونەری و ئەدەبی لە ئەوروپا.

داڤینچی لە لای لوویی دوازدەهەم و دواتر لە لای فڕانسیسی یەکەمیش خزمەتی کرد، و ئەوان ڕێزی زۆریان لە بلیمەتی ولێهاتووی دەگرت.

ئەوان ئەم وفاداریەیان بۆ داڤینچی نیشان دا، ئەویش بە هۆی بەخشینی باغێکی ترێ کە لودویك بەڵێنی پێدابوو و هەورەها موچەیەکی باشیشیان بۆ بڕیەوە. هەورەها ڕێگەیان بە داڤینچی دا سەردانی فلۆڕانس بکات، هەتا ئیزنیان پێدا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕۆم بمێنێتەوە. لە ساڵی 1516داڤینچی بانگهێشت کرا بۆ دیوەخانی پاشای فەڕانسە و سێ ساڵی کۆتایی تەمەنی لە ژێر سایەی خۆشەویستی وڕێزی پادشا فڕانسیس بەسەر برد.

بەڵام گرنگتر لە هەموو ئەمانە، فەڕانسیەکان ئەو ئازادیەیان پێدا کە هەر جۆرە کارێك خۆی بیهەوێ دەتوانێ ئەنجامی بدات، لە گەڵ ئەوەشدا داڤینچی هەرگیز گۆڕانی بە سەر دانەهات. ئەو لە سەر شێوەکاریی بەردەوام بوو هەتا ئەوەی وێنەی ڕووبارو لوەڕۆ و شتی تریشی کێشا، هەروەها بەردەوام خولیای زۆری هەبوو بۆ زانست.

## پیاوی زانست

لەم نامیلکەیەدا بەوە ڕاناگەین کە هەموو ئەو بابەتانە باس بکەین کە بەلای داڤینجیەوە گرنگ بوون. هەتا ئەگەر لیستێکیش دروست بکەین لەسەر ئەو بابەتانەی سرنجی ئەویان ڕاکێشابوو، دەبێ هەموو ئەمانە لە خۆ بگرێت لە، توێکاری، تەلاسازی، ڕووەکناسی، زەوی ناسی، بیرکاری، میکانیك، مۆسیقا، زاذستی بینین، وێنەکێشان و پیکەرتاشی.

ئەو لە سەردەمێکدا دەژیا کە مرۆڤ هێشتا ڕێگاکانی زانستی ۆێی کەشف نەکردبوو.( شۆرشی زانستی لەم زنجیرەیە). لە گەڵ ئەوەشدا، کە لە دەستنووسەکانیدا دەردەکەوێت ئەو پەی بە شێوەی کارکردنی ئەم ڕەوشانە بردبوو. گرنگی بابەتەکە لەوەدایە کە تا ئەو کاتیش زانایانی دیکەی سەردەمی داڤینچی نووسینەکانی یۆنانی و ڕۆمی کۆنیان پەسەند دەکرد و تەنها داڤینچی بوو کە بیروباوەڕی کۆنی بە بێ بەڵگە قەبوڵ نەبوو. لەبەرامبەردا ئەو بۆ خۆی لەمەڕ هەر شتێکەوە سرنجی ڕاکێشابا لێکۆڵینەوەی ووردی دەکرد، واتە ڕێك وەکوو کار و لێکۆڵینەوەکانی زانایانی ئەم سەردەمەی ئێستا کە ئەنجامی دەدەن. ئەوبۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەو و موتاڵاکانی بە شێوەیەکی ڕێك و پێکتر ئەنجام بدات، هەندێك جار ئامرازی تایبەتی دروست دەکرد و دواتر هەوڵی دەدا کە پێناسەیەك یاخود وڵامێك بۆ ئەو پەیوەندیە بدۆزێتەوە کە لە نێوان ئەو شتەی کە دیویەتی و ئەو ڕاستیەی کە لە دەرەوە هیە. هەندێك جار بیری لەوە دەکردەوە کە تەجروبەی شتەکان بکات واتە ئەو تاقیکردنەوە لە سەر ئەو شتانە بکات کە پێناسەی کردوون، تا لەم ڕێگەیەوە پەی بە شتی زیاتر ببات. بەڵام هەر ئەوەی کە ئەو پێناسانە یاخود وەڵامەکان دڵنیایی و ئەرخەیانیان پێدەبەخشی، ئیتر بەلایەوە پێویست نەبوو تاقیکردنەوەشیان لەسەر بکات. ئا لەم خاڵەدا لە گەڵ زانایانی ئەمڕۆ جیاوازی هەبوو، چونکە ئەمڕۆ پێیان وایە، بۆ دۆزینەوە و زانستی زیاتر، تاقیکردنەوەی بیردۆزی نوێ و تەجرەبەکردنیان، زۆر پێویستە.

## مرۆڤی سەردەمی ڕێنسانس

داڤینچی یەکێك بوو لە پیاوە گەورەکانی سەردەمی خۆی. ئەو بە درێژایی ژیانی ستایش دەکرا بە هۆی زانستەکەی، بیرۆکەکانی و بلیمەتی لە وێنەکێشاندا. ئەو گرنگی بە هەموو مادەیەك دەدا واتە هەر شتێك توانیبای بۆنی

بکات، ببینێ، ببیستێ و هەستی پێ بکات. ئەمانە چەند نموونەیەکی بەرچاون کە لایەن گەورەکانی ئەو سەردەمەوە گرنگی پێدەدرا، هۆگری هەر شتێك بوو لە سەر زەوی، هەر لە بناغەدا، مرۆڤەکانی سەردەمی ڕێنسانسی ئیتالیا، هۆگری هەموو ئەو شتانە بوون کە لە ماوەی تەمەنی ژیانیان بەسەریان دادەهات.

لە حاڵێکدا لە سەردەمی چەرخی ناوین ئەم بارودۆخە تەواو جیاواز بوو. بۆ ماوەی نزیکەی هەزار ساڵ، کەلیسا لووتکەی زانست و فێر بوون بوو لە ئەورووپا. کەلیسا ئەوەی فێری خەڵك دەکرد کە خوداوەند هەموو شتێکی دروست کردووە و ژیانی سەر زەوی تەنها سەفەرێکی زیارەتیە بۆ گەیشتن بە بەهەشت.( هەڵبەت لێرەدا کە دەوترێت خەڵکی چەرخی ناوین باوەڕیان بەوە هەبوو کە خوداوەند هەموو شتێکی دروست کردووە، مەبەست لەوە نییە کە ڕێنسانس نکۆڵی لە خالقی خوداوەند بکات، بەڵکۆ مەبەست لە لێکۆڵینەوە وچوونە بنج و بنەوانی چلۆنایەتی پەیدابوون یاخود ڕوودانی شتەکانە. و)

فێرخوازەکانی چەرخی ناوین هەموو سرنجێکیان بۆ دەرك کردنی ئەم بابەتە بوو. ئەوان تەلاش و موتالاکانیان لە سەر ئینجیل ونووسینەکانی پیاوانی کەلیسا بوو، ئەوان هەتا بەرهەمی فیلسوفەکانی وەکوو ئەفلاتۆن وئەرەستۆشیان دەخوێندەوە. هونەرمەندەکانیش بەشێوەیەکی گشتی، هەموو سرنجێکیان لە خاڵێدا کۆ کردبووەوە کە ئەویش لایەنە مەزهەبیەکە بوو، کە چلۆن خوداوەند بە شێوەیەکی بەشکۆتر لە بەرهەمەکانیاندا نیشان بدەن و لە یادی مرۆڤەکانیاندا بهێڵنەوە.

لە سەردەمی داڤینچیش هێشتا کەسانێك هەبوون کە تامەزرۆی بابەتە ئایینیەکان بوون، وەکوو ئەراسمووس و لۆتەر. بەڵام دەکرێ بوترێت زۆربەی مرۆڤەکانی ڕێنسانس وەکوو داڤینچی بوون. ئەو مەسیحی بوو وئایینیشی پەسەند کردبوو. بەڵام لە نووسینەکانیدا بە کەمی ئاماژەی بە دین دەکرد و کاتێکیش کە ئاماژەی بۆ بکردایە، لە مەڕ پەیوەندی بە ژیانی دونیاوە بوو نەك ژیانی دوای مردن. بۆ نموونە کاتێك لە بارەی توفانەکەی نوح(د.خ) نووسی، زیاتر مەبەستی ئەوە بوو کە ئەوە نیشان بدات کە ئاو بە شێوەی سروشتی بەم جۆرە نابێتە لافاو، بۆ ئەوەی کە مەبەستی خوداوەند لە ناردنی ئەم لافاوە نیشان بدات. (بۆ نموونە لە نووسینەکانیدا دەڵێت: ....بەم پێیە دەبینین کە بەڵگە سروشتیەکان ناتوانن وەڵامی ئەم بابەتە

بدەنەوە" لەبەر ئەوە ئێمە ناچـــارین یان باوەڕ بـەوە بێنین کـە موعجیزەیـەك بووە یـاخود وا بیربکەینەوە کە هەموو ئاو بە هۆی تیشـــکی خۆرەوە بووەتە هەڵم.)

ئیتالیەکانی سـەردەمی ڕێنسـانس، زیاتر هۆگری ئەوە بوون کە مرۆڤ لەم دونیایەدا چـی کردووە و چـی دەتوانێ بکات. ئەوان ئەوبیروباوەڕەشـیان فرامۆش کردبوو کە خوداوە ند زیاتر گرنگی بە ژیانی دوای مەرگ دەدات تا ژیانی ئەم دونیایە. ئەوبابەتانەی سـرنجی خەڵکی ئەوسـەردەمەی ڕاکێشـــابوو جۆراوجۆر بوون، کە داڤینچـیش گرنگی بەو بابەتانە دەدا. تاکە بیرۆکەی کۆن کە هەروا لەسـەری بەردەوام بوون و گەشـەیان پـێ دەدا ئەوەبوو، کە مرۆڤ هە تا لە توا نا یدا یەو دەتوانێ بۆ سـوودی خۆی، شـت فێر ببێت. کتێبخانەکەی داڤینچـی نیشـاندەری ئەوەبوو کە چـەندە کەوتبووە ژێرکاریگەری ئەم باوەڕەوە. لەکتێبخانەکەیدا چـەندین کتێبی جۆراوجۆری لـێ بوو لـە بوارەکـانی توێکـاری، تـەلارسـازی، ئەسـتێرە ناسـی، ڕێزمانی لاتین، بیر کاری و پزیشـکی. مرۆڤـەکـانی ئـەم سـەردەمـە بـە پێچـەوانـەوە نـایـانـهـەوێ لـە بـارەی هـەموو زانسـتە کا نەوە فێر ببن. ئەمڕۆ زۆر بەی ئەو کەسـانەی کە دەیانهەوێ زانسـت فێر ببن، تەنها لە یەك ڕشتە پسپۆڕی بەدە ست دێنن. داڤینچی بـە گشـتی 116 بـەرگ کـتـێـبی هـەبـوو، هۆکارەکەشـی ئەوە بوو کە بە هۆی پێشـکەوتنی چـاپخانە لە توانایدا هەبوو ئەم ژمارە کتێبە کۆبکا تەوە. پێشـتر لە بەرگرتنەوە لە ڕێگای نووسینەوە بە دە ست بوو، هەم بەهایەکی زۆری تێدەچوو و هەم کاتیشی دەخایاند. داڤینچی لەو بارەیەوە خۆش شـانس بوو کە لەسـەردەمێکدا دەژیا کە چاپخانە لە فێربوونی زانستدا هاوکاری کرد. بەڵام ئەگەر داڤینچـی ئەم تەکنەلۆژیایەی ئـە مڕۆی وەکوو دووربین و مـیکرۆسـکۆپ و تەلەفزیۆنیلەبەردەسـتدابوایە، لەوانەیە داهێنان و بەرهە مە کانی زۆر لەوە زیاتر بان. کتێبخا نە گەورەکەی ئەو لەوسـەردەمەدا لە چـاو ژمارەی کتێبی ڕۆشنبیرانی ئێستا کە هەیانە زۆر بچووکتر بوو.

## داڤینچی و ڕێنسانس لە مێژووی جیهان

داڤینچـی هەرگیزسـەرکەوتوو نەبوو ئەوکارانە تەواوبکات، کە دەیویست جیهانیان پـێ سەرسام بکـات، لـەم بـابـەتـە بۆ خۆشـی تـا ڕادەیـەك کەمتەرخەم بوو، چـونکە دەیهەوێسـت زیاتر لە توانای خۆی کار بکات. بەڵام هەتا کەسـێکی

بلیمەتی وەکوو داڤینچیش نەیدەتوانی لە هەموو بوارەکانی زانست لێهاتوو و کارزان بێت.

بەداخەوە جیهان سودێکی لە کارە زانستیەکانی ئەو نەبینی و دوای مردنیشی دەستنووسەکانیشی بە گشتی لەبیرکران، و بەوجۆرەی خۆی دەیویست بڵاو نەکرانەوە. مرۆڤەکان لەو سەردەمەدا زانیاریەکی کەمیان لە بواری زانستدا هەبوو و نە یانتوانی نرخی کارەکانی ئەو بزانن، لەوسەردەمەدا تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی گرنگ ئەنجام نەدرا هەر بۆیە زۆر گرنگیان بە کارەکانی داڤینچی نەدا. هێشتا جیهان ئەو ئامادەکاریەی نەبوو کە سوود لە زانستی نوێ وەربگرێت.

بە هەرحاڵ، ڕێنساس هەنگاوێکی گەورە بوو کە ئەورووپای بەرەو جیهانێکی نوێ برد. بەر لە ڕێنسانس، کەلیسا خەڵکی وا فێرکردبوو کە ژیان لە سەر زەوی تەنها هەنگاوێکە بەرەو ژیانی نەبڕاوەی دوای مردن، ڕێنسانس، ئەوەی نیشانی خەڵکی دا کە دەبێ گرنگی بە شتەکانی ئەم دونیا یەی ئێستاش بدرێت و شانازی بە دەستکەوتەکانی مرۆڤەوە بکرێت. ڕێنسانس ئەوەی فێری ئەورووپا و جیهانیش کرد کە ژیانی سەرزەویش ژیانێکی بە نرخە.

## پاشکۆ

**توێکاری**

داڤینچی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە بۆ وێنە کێشانی ئەندامەکانی ناوەوەی لەشی مرۆڤ سوودی لە توێکاری وەرگرتووە.

بۆ خۆی دەنووسی: ئەی ئەوکەسەی کە دەڵێی واباشترە کە تەماشای خودی‌نەشتەرگەری بکرێت تاتەماشاکردنی ئەم وێنەیە، ڕاستە قسەکەت دروستە، ئەگەر دەکرا هەموو ئەم وردەکاریانە کە لەم وێنەیە نیشان دراوە، لە یەك ئەندامدا دەتبینین...من بۆ ئەوەی زانستی تەواو بە دەست بێنم لە بواری ئەندامەکانی لەش و چلۆنایەتی‌کارکردنیان، زیاتر لە لاشەی 10 نەفەرم توێکاری کردووە. .ئەندامە جیاوازەکانی لەشم پارچە پارچە کردووە و هەتا بچووکترین پارچە گۆشت کە دەوری ڕەگەکانی خۆێنیان دابوو جیام دەکردنەوە، بە بێ ئەوەی هیچ خوێنێکی لێ بێت، هەڵبەت بێجگە لە خوێنڕێژیەکی زۆر کەم لە ڕەگەکانەوە. لەبەرئەوەی تەنها یەك جەستە کافی نەبوو بۆ کارەکەی من، ئەوا بۆ تەواوکردنی ئەم بابەتە پێویست بوو چەندین جەستەی دیکەش توێکاری بکەم بۆ ئەوەی قۆناغەکانی دیکەی وێنەکە بە کۆتا بگەیەنم...بەڵام لە گەڵ ئەوەی بابەتی توێکاری دەکرێ زۆر سەرنج ڕاکێش بێت، لەوانەیە هەرکەسێك بێت بە هۆی توڕەبوون و بێزاری، دەست لەم کارە هەڵگرێت، ڕەنگە هۆکاری‌وازهێنانەکەی ئەوە بێت کە ترس و دەست لێدانی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤێکی مردوو بێت بە درێژای چەندین کاتژمێر لە شەودا، و هەتا ئەگەر ئەمەش نەبێت، لەوانەیە لێهاتوویی پێویستی لەوێنەکێشاندا نەبێت کە ئەم ووردەکاریانە وێنا بکات.... لە ڕێگای وێنەکانی منەوە....تۆ دەتوانی هەر ئەندامێك لە نزیکەوە ببینیت بە وردەکاری ڕەگەکان، ڕیشاڵەکان ودەمارەکانیشەوە.

## کتێبە بڵاوکراوەکانی ئەم زنجیرەیە

1-شۆڕشی پیشەسازی

2-شۆڕشی زانستی

3-سەردەمی ڕووناکبیری

4-ئیبن سینا

5-شۆڕشی ئەمریکا

6-شۆڕشی فەڕانسە

7-گاندی

8-دووجەنگی جیهانی

9-شۆڕشی ڕوسیا

10-جەنگی سارد

11-ناسیۆنالیزم

12ئیمپریالیزم

13- داروین

14-داڤینچی